
# هەنگاوەکانی دانانی ستایلێکی جوانی قژ بە وێنە


١


٥


٦


٢


٤


٣

دانانی ستایلێکی تەسریحە بۆ قژ، یان ئامادەکردن بۆ شێوازێك لە شـــێوازەکانی قژ داهێنان، لەگەڵ نەشونمای ڕووخسار بگونجێ و کاریگەری ڕازاوەتری هەبێ، ئەمەش بە شێوەیەکدەبێ کە خانمان بیر لەو جۆرە تەســـریحانە بکەنەوە، کە بەرەو ئاڕاستەیەکی جوانی ڕێگە دەگرێ و شـــێوازێکی تایبەت دەڕەخسێنێ، ستایلەکان بە گشت جۆرەکانەوە دەبنە هـــۆی بە دەرخســـتنی جوانی قژ، ئەمەش بە گوێرەی ئامادەکردن و دانانی ئەو جۆرە تەسریحەیەوە دەبێ، لەم تەسریحە ناسکەدا، دەکرێ خانمان سوود لە هەنگاوەکان وەربگرن کە بەخۆیانەوە ئـــەو کارە ئەنجام بدەن، بەبێ یارمەتی کەسانی دیکە، یان سەردان کردنی سالۆنەکان، کە تەسریحەیەکی زولاڵ دەردەچێ شایستەی ئەوەیە لە بۆنە و شوێنە گشتییەکاندا ئامادە بکرێ، بە تایبەت لە کاتی ئاهەنگە تایبەتەکاندا، و بۆ ماڵیش دەگونجێ.



## مۆدەی جەنتاکانـــ

ئێکســـوارەکان بـــە شـــێوازێکی جوانەوە لە ڕێگـــەی مۆدە تایبەتەکانەوە لـــە مۆدەی تازە و کاری تازەدا بـــە هەماهەنگی لەگەڵ دیزانەرانی بواری ئامادەکاری ئێکسسوارەکان بە گشت جۆرە و مۆدەکانەوە کاریان کردووە لەسەر دانانی یەکێك لـــە تازەترین مۆدەکان و شـــێوازە جۆراوجۆرەکانی جەنتاکان دروســـت بکەن و ئەمـــەش لە ڕێگەی دانانی ســـتایلێکی تازە بۆ دانانی شێوازێکی تر

## قات و بیجامای قوماش شایستەترین مۆدەی جلی ماڵەوەیە

جلەکان بە گشت شێوەیەك کار دەکەن لەسەر ڕازاندنەوە و بەدەرخســـتنی شێوازێکی جوان و ڕازاوە لە شێوە و جەستەی خانمانەوە، ئەمەش لە ڕێگـــەی هەڵبژاردنی ئەو جـــۆرە جلانەوە دەبێ کە بە شێوەیەکی ڕازاوە و جوانەوە لەسەر جەستەی خانمانەوە دەوەستن، جلەکانی دەرەوە و ماڵەوە کاریگەرن لەسەر جوانی خانمان، ئەمەش بە تایبەت کاتێکە لە ماڵە دەبن، ژیانی خانمان بەشێکی زیاتری لە ماڵەوەیە، بۆیە قاتەکانی ماڵەوە کاریگەری تەواویان هەیە لەسەر جوانی هەر کچێك یان خانمێکی ماڵەوە.

یەکێك لە شایســـتەترین جلـــەکان بۆ ماڵ، بریتییـــە لـــە قـــات و بیجامـــای قوماش، کـــە جوانییەکی نـــەرم و هێمن دەبەخشـــێ، تەنانـــەت دیمەنێکـــی ڕازاوەشـــی هەیە، بە تایبەت لەگەڵ ئەو نشـــونمایە بە ئەمەکەی لەکاتی حەســـانەوەی خانمان لە ماڵدا دەبن دەردەکەوێ، بۆیە دەکـــرێ ئەو جۆرە جلانە مۆدیەکی تازە و ڕازاوەبن بۆ جلی خانمانی ماڵەوە لە وەرزی پاییز و زستان.



# گەردانە گونجاوترین ئێکسسوارە لەگەڵ جلی کوردی





ئێکسســـوارە کوردییەکان جێگەی جوانی و ڕازاوەیی نیشـــان دەدەن، بە تایبەت کاتێك لە جۆرە مۆدەیەك دەبن کە بە جوانترین شـــێواز ئامادە دەکرێن و دیمەنێکی شایســـتەش دەردەخـــەن، ئەمەش لە کاتێکدا دەکرێ سوود لەو ئێکسســـوارانە وەربگرین بۆ بۆنە و کاتە تایبەتەکان، یەکێك لە جوانترین ئێکسسوارەکان کە لەسەر دەکرێ بریتییە لە (گەردانە یان گەردن لەغ)، کە بە گەردنەوە هەڵدەواســـرێ و زیاتر خۆی نزیك دەکات لە گەردنی خانمانـــەوە، ئەمـــەش مۆدەیەکی جوان و ڕازاوە دەناســـێنێ و لە نزیکەوە جوانتریـــن و ڕازاوەترین دیمەن دەبەخشـــێ، لێرەدا دەکرێ گەردانە لە زیو یان لە زێڕ بن، بەڵام زیاتر مۆدەکەی لە زیوو دروست دەکرێ و ئەمەش وادەکات کە زیاتر سەرنجڕاکێشتر و جوانتر خۆی بنوێنێ، ئەم گەردانە مۆدەیەکی ڕازاوەی هەیە، زیاتر لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا دەپۆشـــرێ و زیاتـــر گونجاو دەبێ بـــە جلی کوردییەوە بە مەرجێ ســـەرەوەی دەربکەوێ.



# مۆدە تازەکانی کراسی بووک بۆ (٢٠١٢)

جلی بووك هەردەم لەگەڵ پێشکەوتنی مۆدەکان بەرەو مۆدەی تازە و نوێ ڕێگە دەگرن، بە تایبەت ئەوانەی بۆ کاتی بووك و ئاهەنـــگ دادەنرێن، چونکە هەر ڕۆژە و مۆدەیەکی تازە دەبێتە کەرەســـتەیەکی ڕازاوە و جـــوان لە دیمەنەکانی ئاهەنگدا، بە گوێرەی ئەو مۆدە تازەیەی بۆ ســـاڵی ٢٠١٢ دانـــراوە، کە شایســـتەیە بۆ مۆدە تازەکان، ئەمەش وادەکات لە ســـەرتاپای جیهاندا لەسەر ئەو مۆدەیە هەنگاو بنرێ و هەڵبژێـــردرێ لەلایـــەن خانمانـــەوە بۆ ڕۆژی ئاهەنـــگ، ئەو چەند مۆدە تازانە کە زیاتر بەبێ نەخشەیەوە کاری دیزاینی بۆ کـــراوە، دەبن بە یەکێك لـــە تازەترین مۆدەکانی بەدڵەی بووك، ئەمەش زیاتر لە ڕواڵەت و کوالیێتی جلەکەوە دیار دەبێ وەك لەوەی بە نەخش و کاری ئێکسسوار جوان کرابێ، وادەکات کە سەرنج بدرێتە سەر شـــێوازی کراسەکە نەوەك نەخش و ئێکسسوارەکان، نهێنی ئەو بەدڵە تازەیە بۆ بوونی ڕێژەیەکی کەمی نەخشـــە لە دیزاینی جلەکەدا دەگەڕێتەوە.



## ـــــی وەرزی پاییز

لە جەنتاکانی دەست کە دەبێتە یەکێك لە تازەترین مـــۆدەکان، یەکێك لە تازەترین مۆدەکانی جەنتای دەســـت بۆ وەرزی پاییزی ئەوســـاڵ، ئەو شێوازە بچووکانـــە دەبێ، کە دیمەنێکـــی ڕازاوە و جوان دەبەخشێ، بۆیە دەکرێ لەڕێگەی ئەو جەنتایانەوە کارێکـــی جوان و بە نەخشـــەوە لەگەڵ جلەکاندا پەیڕەو بکەین کە بە شێوازی ناسکەوە لە دەستەوە جوانیەکەی درەوشاوە دەبێ.

# سەیر و سەمەرکانی ئوتۆمبێلەکان لە کوردستان

تابلۆ سەیرەکانی سەر ئوتۆمبێلەکان بۆتە دیاردەیەکی نوێ و سەیر، ئەوەندەی کار لەسەر جوانکاری ئەو ئوتۆمبێلانە دەکرێ، ئەگەر ئەوەندە بیر بکەنەوە دەتوانن ئوتۆمبێلێك دروست بکەن، کەچی زۆر تابلۆی سەیر و جوان دەبینرێن، ئەمەش جێگەی شەرمەزاری و شتێکی ناشارستانییە، ئوتۆمبێل بە شێوە سادە و جوانیەکەی خۆیەوە جوانتر و ڕازاوەترە. ئەو چەند دیمەنەی دەیبینن وەرگیراوە لەسەر ئوتۆمبێلە کۆن و نوێکان نووسراوە، یان هەندێکیان ژمارەی مۆبایلی خۆیان نووسیوە، ئەمەش دەبێتە سەیرترین دیمەنی ئوتۆمبێل لای خۆمان.



## نێرگەلەی کوردی!

کارە تازەکان بەجوانترین شێوە کاری لەسەر دەکرێ و ئەمەش دەبێتە جوانترین دیمەنی سەیر، کە کورد بیرۆکەی جوان و سەیر ئامادە دەکەن و دەبێتە بوارێکی داهێنان و نوێکاری بە جۆرێك شیاوی حاڵەتێکی سەیر و سەمەرەیە، وەك ئەو نێرگەلەیەی دروستکراوە و کە لە دەبەیەکی بچووك و لەگەڵ پارچە سۆندەیەکی بچووك و لەولاشەوە جگەرەیەك دانراوە و دووکەڵەکەی دەچێتە ناوەوە، خوارەوەش بە ئاو دانراوە و ئەمەش نێرگەلەی تازەی کوردە.





## کچانی کورد ئاڵای کوردستان دەپۆشن

چەندە دیمەنێکی جوان و ڕازاوەیە کاتێك کوڕ و کچانی کورد شانازی بە کوردایەتی و هەستی نەتەوەیی و جوانی کوردستان بکەن، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێ کە هەستی نەتەوەییمان بۆ کوردستان هەبێ و ئەگەر چی ژیانیشمان لەو بارەیەوە باشە نەبێ، وەك ئەو خانمە جوانە کە نمایشی جلوبەرگ بە ئاڵای کوردستان دەکات و زیاتر ئاڵاکەی جوانتر کردووە، ئەو نمایشی جلوبەرگە لە کوردستان ئەنجام دراوە و لە یەکێك لە چالاکییەکانی قوتابیان، کە بە جوانترین شێواز ئاڵای کوردستان کراوە بە جلێکی کوردی و خانمێکی جوانیش پۆشیویەتی و دیمەنێکی ڕازاوە و جوانە و جێگەی شانازیشە.

## خریل لە کۆنەوە بۆ ددانەکان بەکارهێنراوە

رەوەند بەختیار /سلێمانی

خریل ئەو ڕووەکە وشك کراوە کوردەواری و ڕەسەنەیە کە لە دێر زەمانەوە توانراوە سوودی لێوەربگیرێت، بۆ پاککردنەوەی ددانەکان لە سەردەمێکی زوودا کە کەلوپەلەکانی پاککردنەوەی ددان بەو شێوەی ئێستا بەرفراوان و پێشکەوتوو نەبوو. خریل وەك پاککەرەوەیەك بەکارهاتووە بۆ پاککردنەوەی ددانەکان باپیران، توانیویانە سوودی لێوەوەربگرن و بەکاری بێنن کە تا ئێستا لەهەندێ شوێن بەکارهێنانی هەر ماوە وەك دەوترێ سوودیش بە دەم و ددان دەگەیەنێ لە بواری تەندروستی و شتێکی پاکە و زیانی بۆ ددانەکان نییە.





## دۆڵمە خۆشەویستی ئافرەتان و دوژمنی پیاوان

دۆڵمە خواردنێکی کوردەوارییە و لە سەردەمێکی کۆنەوە بیرۆکەی بۆ دانراوە و لەلایەن خانمانی کوردەوە ئامادە دەکرێ، کە کۆمەڵە شتێکە بەسەر یەکەوە دادەنرێ و دەبێتە خواردنێکی بەتام و خۆش، زیاتر هەولێرییەکان بە وەستای دۆڵمە بەناوبانگن، کە کاتێك باسی دۆڵمە دەکرێ، یەکسەر ناوی هەولێرییەکان دێ، بە هەولێری و تورکمانی پێی دەگوترێ (یاپراخ) کە زیاتر کەرکوکییەکانیش ئەو ناوە بەکاردەهێنن، ئەوەی سەیرە گشت ڕەگەزێکی ئافرەت و کچ حەز بە دۆڵمە دەکەن، زیاتریش پیاوان ڕقیان لە دۆڵمە دەبێتەوە، قسەیەك هەیە دەڵێن: بۆیە ئافرەتان حەز بە دۆڵمە دەکەن، چونکە تێکەڵە و ئافرەتیش حەز بە تەنیا شتێك ناکات، یان دەڵێن: دۆڵمە لەسەر سینییەك دادەنرێ و ئیتر پێویست ناکات قاپ و شتی بۆ دابنرێ و لە کۆتایی خواردنی دۆڵمە ئافرەتان ماندوو نابن بە شووشتنی قاپەوە، تەنیا سینییەکە دەشۆن. دۆڵمەی هەولێری بە ترشی و تیژی بەناوبانگە، کە زیاتر بە سلق و گەڵای مێوەوە دروست دەکرێ.

## قۆپیە تازەکان دەرکەوتن





ماوەیەك لەمەوبەر هەندێك وێنەی ئەو قوتابییەنەمان بڵاوکردەوە کە کاری غەش یان قۆپیە دەکەن، کە بە چەندەها فێڵی جیاواز کاری خۆیان دەکەن، وادیارە بەم دواییەش چەند کەسێکی دیکەش لە هۆڵەکان گیراون و ئیتر ناتوانن ئەو کارە بکەنەوە، چونکە ئاشکرا بوونە، یەکێك لە کارەکان کوڕێك زانیاری لەسەر پشتی کچێك نووسیەوە و کچەکەش لە ناو هۆڵی تاقیکردنەوە، ئەوەی دووەمیش کچێکە و کتێبێکی خستۆتە ناو کراسی خۆی، ئەمەش یەکێکە لە تازەترین ڕێگەکانی قۆپیە کردن.



# سەرۆکەکانیش سەیری کچان دەکەن

وادیارە سەرۆکەکانیش سەیری کچە جوانەکان دەکەن، یان سەیری لەش و لاری خانمان دەکەن، وەك لەو وێنەیە دەبینن کاتێك (ئۆباما) سەرۆکی ئەمریکا و(سارکۆزی) سەرۆکی فەرەنسا، لە شوێنێك وەستاون و لە ناکاوێك کچێکی جوان تێدەپەڕێ و ئیتر هەردووکیان بە گاڵتەوە سەیری دەکەن.

# وتە جوانەکان

پیاوچاکێك دەڵێ، پیاو چوار جۆرن:
یەکەم: پیاو هەیە کە دەزانێ وەدەزانێ کە دەزانێ، ئەوە پرسیاری لێ بکە..
دووەم: پیاو هەیە کە دەزانێ وەنازانێ کە دەزانێ ئەوە لە بیری چۆتەوە، بیری بخەرەوە.
سێیەم: پیاو هەیە نازانێ وەدەزانێ کە نازانێ، ئەوە ڕێی پیشان بدەو فێری بکە.
چوارەم: پیاو هەیە نازانێ وە نازانێ کە نازانێ، ئەوە نەفامە و لێی دووربکەوە.



# نوکتە

- بە درێژایی ئاهەنگێکی شەوانە و دوای سەیرکردنێکی زۆر لە نێوان کوڕ و کچێکدا...
کچەکە زۆر تامەزرۆ بوو بۆ ئەوەی کوڕەکە شتێکی پێ بڵێ، کوڕەکە چووە پێشەوە بۆلای و پێی وت: سەما ئەکەیت؟
کچەش بە شەرمێکی زۆرەوە و خۆشحاڵیش بە دەموو چاویەوە بەدی دەکرا وەڵامی دایەوەو وتی: بەڵێ....
کوڕەکەش وتی ئێ زۆر چاکە کەواتە کورسیەکەتم پێویستە ئەیبەم.

* * *

- یەکێك ئەچێت بۆ بەغدا کەدێتەوە لێی ئەپرسن عەرەبی فێربوویت؟ ئەویش ئەڵێ نەوەڵا بەس ئەوەندە دەزانم ئاوان بەسێو دەڵێن فەتاح.

# یاری پیت دۆزینەوە

**لەم چەند پیتەی (ب) یەکێك لەو پیتانە، پیتێکی جیاوازە، بۆ ئاستی زیرەکیت و لە ماوەی تەنیا (١٠) چرکەدا بە ورد بوونەوەی چاو ئەو پیتە جیاوازە بدۆزیتەوە!**

ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب
ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب
ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب
ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب
ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب

ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب
ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب
ب ب ب ب ب ب پ ب ب ب ب ب ب
ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب
ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب

# بۆ زاخاوی مێشك

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (هەرمێ) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتاییدا ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**


- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی خوار)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (گیاندارێکی خشۆکە بە مرۆڤ وەدەدات)
- پیتی خانەکانی (٦+٧) کۆبکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی درەنگ)
- پیتی خانەکانی (١+٥+٦+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خواردنێکی کوردەواییە لە گەنم دروست دەکرێ)






**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

هەموو توانای خۆت بەکاربێنە بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارەی ماوەیەکە بەنیازی ئەنجامی بدەیت و هێشتا دەستت پێ نەکردووە، ئەوکات کارەکە زۆر ئاسان دەبێت و توانای خۆت دەردەخەی بۆ ئەوانەی گومانیان لەتواناکانت هەیە.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

زۆر بە جوانی بیر لەم قۆناغەی ئێستای ژیانت بکەوە، بەڵێن بە کەسێك مەدە کە دڵنیا نیت لە ئەنجامی پەیوەندی نێوانتان، ئەم ماوەیە لە هەموو کاتێك گرنگترە بۆیە پێویستە بەشێوەیەك خۆت ئامادە بکەی کە سەرکەوتنت مسۆگەر بکات.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

لەهەندێ بڕیار پەشیمان دەبیتەوە و هەست دەکەی کە پەلەت کردووە، ئەم هەفتەیە لە زۆربەی بوارەکاندا گۆڕانکاری پۆزەتیڤ ڕوو دەدەن. کەسێکی نزیك و خۆشەویستت دەیەوێت کێشەت بۆ دروست بکات، بەڵام پلانەکەی سەر ناگرێت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

سەیری ڕابردووی ژیانت بکە و بەراوردی بکە لەگەڵ ئێستا بۆت دەردەکەوێت کە ئەم ماوەیە پەیوەندیەکانت وەك جاران بەهێز نین و لە هەواڵی کەسە خۆشەویستەکانت ناپرسی، وا باشترە هەمان ڕێچکەی ڕابردوو بگریتەبەر و پەیوەندیەکانت بەهێزتر بکەیتەوە.




**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

لەوانەیە هەندێ گرفتی بچووك بێنە سەر ڕێگای پەیوەندی نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت، کارێك بکە ئەو گرفتانە کاریگەری نەبێتە هۆی کۆتایی هێنانی پەیوەندی نێوانتان، پێویستت بە یارمەتی هاوڕێکانت هەیە.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئەگەر خۆشەویستت هەیە، ئەوا هەفتەیەکی زۆر ڕۆمانسی و خۆش دەبێت و زیاتر لەیەك نزیك دەبنەوە، ئەگەر خۆشەویستت نییە لەوانەیە پەیوەندیەك دروست بێت لەگەڵ کەسێك کە چاوەڕوانت نەدەکرد ئەمەش زیاتر ئاسوودەتان دەکات.




## ئاسۆیی:

١- گۆرانیبێژێکی کوردە.
٢- ڕۆمانێکی بەناوبانگە.
٣- پیتێکی مۆسیقایە(پ)- سێ پیتی سامان.
٤- یانەیەکی ئینگلیزیە.
٥- ناوی دووەمی یاریزانێکی عێراقی بوو- وەکویەك .
٦- نیوەی زمزم- سێ پیتی هەینی.
٧- بیجو(ت)- پیتێکی ئەبجدیە.
٨-شارێکە لە بەرازیل.
٩- سەگ(پ)- وەکویەك.
١٠- چیرۆکێکی کوردییە.
١١- هونەرمەندێکی کوردە(پ)- خاوەن وێنەکە.

## ستوونی:

١- گۆرانیبێژێکی کوردی کۆچکردووە.
٢- گۆڵچیە هەڵبژاردەی ئەڵمانیابوو(پ).
٣- نیوەی شەکر- دووپیتی لە بزر- خواردنی ئاژەڵە- نیوەی هەور.
٤- دەموچاو- شاعیرێکی کوردبوو- نیوەی حەمە.
٥- پیتێکی Eیە - دووپیتی حەبیب.
٦- جۆرە بەهاراتێکە(پ)- دوورگەیەکە لە ئەندەنوسیا.
٧- هەڵپەڕکێ - ئاوا(ت).
٨- چوارپیتی جیاواز- یاریزانێکی هەڵبژاردەی پورتفالە.
٩- نیوەی لەمین- وڵاتێکی ئەوروپایە(پ)- نیوەی مەیل.
١٠- پرس(پ)- شارۆچکەیەکی کوردستانە(پ)- نیوەی بەرز.
١١- دووپیتی حسین- تایبەتە بە کۆمپیوتەر- نیوەی دوعا.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی سەیرانگایەکت بۆت دەربچێ.

ی ك م ن ا س ی

وەڵامی ژمارەی پێشوو (گوڵستان)



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەم هەفتەیە زۆربەی شتەکان بە پێچەوانەی ویستی تۆ دەبن و لەوانەیە کار بکاتە سەر داهاتووی ژیانت ئەگەر بەباشی خۆت ئامادە نەکەی، هەڵسوکەوتی یەکێك لە هاوڕێکانت بێزارت دەکات و لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کێشە بکەوێتە نێوانتان.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

بەرگەی ناخۆشییەکان بگرە و بێ هیوا مەبە لەبەر ئەوەی ئەمە بۆ ماوەیەکی کاتییە و زوو کۆتایی پێ دێت، پێویستە کاتی زیاتر تەرخان بکەی بۆ دانیشتن لەماڵەوە و یارمەتیدانی ئەوان یەکێکە لە ئەرکەکانی تۆ کە پێویستە ئەنجامی بدەیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

خۆشەویستەکەت گلەیی ئەوەت لێ دەکات کە وەك جاران نیت بەرامبەری و هەست دەکات گۆڕانکاریت بەسەرهاتووە، ئەگەر بۆ وەڵامی قسەکانی بەڵگەیەك یان هۆکارێکی ڕوونت پی نەبێت، ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی لێت زیز بێت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەوڵ بدە پارێزگاری لە باری دەروونی خۆت بکەیت لەو کاتەی تووڕە دەبیت و هەڵەیەك مەکە کە دواتر باجەکەی بدەیت و پەشیمان ببیتەوە. گوێگرتن لە موزیك و وەرزش کردن هۆکارێکن کە پێویستیت پێیان هەیە و یارمەتیدەر دەبن بۆ تۆ لەژیانت دا.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

چاوت بە کەسێك دەکەوێت کە دەمێکە ئاواتەخوازی ئەوەی ببینی، ئاگاداربە نهێنییەکانت لای هەموو کەس باس مەکە بەتایبەتی لای ئەوانەی دڵنیا نیت لە دڵسۆزیان نەوەك ببێتە هۆی ئەوەی زیان بە بەرژەوەندیەکانت بگەیەنن.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لەماوەی ڕابردوودا داوای یارمەتیت لە کەسێك کردبوو و ماوەیەکە چاوەڕوانی دەکەی، ئەم هەفتەیە بەڵێنەکەی دەهێنێتە دی و ئەو شتەت پێ دەدات کە داوات کردبوو، ئەمەش نیگەرانییەکانت کەم دەکاتەوە، کەسی بەرامبەر چاوەڕوانی بەخشینی خۆشەویستی زیاتر دەکات.

## وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش

بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان خاڵە جیاوازییەکاندا بدۆزەرەوە

